# وەڵام بە ڕوونکردنەوەی دووەمی وەزارەتی ناوخۆی یەکێتی



**جبار محسن**

jabar_muhsin@yahoo.no

ئەم ماوانەی دوایی ماوەیەکە خۆپیشاندانو مانگرتن بۆتە یەکێك لەسیما دیارەکانی کۆمەڵگەی کوردستانو بەتایبەت ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی. ئەم ناڕەزایەتیانە زۆرێك لە توێژەکانی کۆمەڵگای گرتۆتەوە هەر لە قوتابیانەوە هەتا مامۆستایانو کارمەندانو مافپەروەران. بۆ بەرگرتن بە شەپۆلی ئەم ناڕەزایەتیانەو چاوترسێن کردنی خەڵك، وەزارەتی ناوخۆی یەکێتی ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە گوایە هۆشداری و ئاگاداری ئەدا بە خەڵك لە هێرشی تیرۆریستی، داوا لە خەڵك ئەکات خۆپیشاندانو کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی نەکەن نەکا تیرۆریستەکان ئەو کۆبوونەوە جەماوەریانە بکەنە ئامانجی خۆیان. ئەم ڕووکردنەوەیەی یەکێتی و ماهیەتی دژی ئازادی بەیانەکەیان لەلایەن سامان ئەحمەدو هیدایەتی مەلا عەلیەوە خرایە ڕوو (بڕواننە ئۆکتۆبەر، بڵاوکراوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، ژمارە 110). دوا بەدوای ئەمە یەکێتی ڕوونکردنەوەیەکی تری داوە و وەڵام ئەداتەوەو ئەڵێ خراپ حاڵی بوون لە بەیانەکەمان و ئەڵێن: **ئێمە بڕیاری لەو جۆرەمان نەداوە تەنها خەڵکمان ئاگادار کردۆتەوە، کە بە لە بەرچاوگرتنی رەوشی ئەمنی و هەوڵی ناحەزان بۆ زیانگەیاندن بە خەڵکی کوردستان باشتروایە لەم قۆناغەدا کەمترین کۆڕو کۆبوونەوەو خۆپیشاندان بکرێ نەك قەدەغەکردنی ....... دڵنیاشین خەڵکی کوردستان گوێ بەو ورێنانە نادات کە ئامادەنین رۆژێك لە رۆژان بچوکترین مەسئولیەت بخەنە سەر شانیان بەڵکو تەنها مەبەست بازار گەرمکردنی خۆیانە.** ( لە سایتی کوردستان نێت ڕۆژی 23.05.2005 وەرگیراوە http://kurdistannet.org/5-2005/23-5/runkrdinewe.pdf ).

سەرەتا ئەمەوێت لەوێوەوە دەست پێ بکەم کە ئەم بەڕێزانە ئەگەر پێیان وایە و دڵنیان لەوەی کە خەڵك گوێمان لێ ناگرن بۆچی خۆیان ئەزیەت ئەدەنو وەڵامان ئەدەنەوە. بەڵام ڕێك پێچەوانەکەی ڕاستەو ئەزانن کە ئەگەر بەمەجبوریش بێت ئەبێت وەڵامان بدەنەوەو زۆر لەخۆیان بکەنو دوای چەندین بێنەو بردەو بە کرچو کاڵی قسەکانی خۆیان بکەن، نەکا خەڵکیان لێ بهەژێ. ئەگینا کێ باوەڕ بە فرمێسکی درۆینەی جەنابیان

ئەکاتو بە دڵسۆز بۆ ئەمنیەتو ژیانیان سەیریان ئەکات؟ ئەگەر ئەوەندە دڵسۆزی خەڵکنو ئەمنیەتیان بۆ گرنگە بۆچی کوردستانیان لە پێناو چەند مەنسەبێکی سیاسی کارتۆنیو کاتیو بەشدار بوون لە دزینی داهاتی نەوتی عێراقدا، ڕاپیچی عێراق کردەوەو بە تیرۆرو تیرۆرستانەوە گرێیان دایەوە؟ ئەم یاری کردن بە ئاگرە بۆچیو لە پێناو کام قازانجی خەڵکو کام مۆدێلە لە دڵسۆزیو هەست کردن بەمەسئولیەت؟ ئەمانە خۆیان دەستیان لەگەڵ یەکێك لە پیسترینو گەندەڵترین هێزە ڕەشو تیرۆریستەکاندا تێکەڵاو کردووەو هیچ مەسئولیەتێك لە پێناو ئێستاو ئایندەی خەڵکدا نیشان نادەن کەچی خەڵك بە نا مەسئول لەقەڵەم ئەدەنو داوا ئەکەن خەڵك خۆی لەم ئاگرە بپارێزێ! لە ڕاستیدا هەر کەس باسی مەسئولیەت بەرامبەر ژیانی خەڵك بکات یەکێتی نابێت بیکات چونکە بەسەد زمانو شێوە نیشانیانداوە کە دەسەڵاتێکی مشەخۆرنو لە پێناو گیرفان پڕکردنی خۆیاندا حازر بوون هەموو کۆمەڵگە لە مەنگەنە بدەن ، شەڕ ساز بکەن ، کوشتار بکەن ، دزی بکەن ، نۆکەرایەتیو جاسوسیەت بۆ بەعس ... هتد بکەنو تازەترین کاریشیان دابەش کردنو داگیرکردنی تەواوی زەوی زاری شارەکانو یاری کردن بەزانستو زانکۆکانو نەوەی ئایندەی کۆمەڵگەیە. لەولاشەوە تەقە کردن لە خۆپیشاندانەکان و چاوسور کردنەوە بوەستێ. ئاخر باشە ئەمانە کە خۆیان تەقە لە خەڵك ئەکەن بە چی دڵیان ئەسوتێ ئەگەر هێزێکی تر بێت ئەم خەڵکە قەتلی عام بکات؟ من هەرگیز پێم وانییە خەڵك ئەمانەی بە دڵسۆزو مەسئول لە ژیانیان زانی بێت ئەگەر نا خۆپیشاندانیان لەدژیان ساز نەئەکرد. ڕەنگە خوێندکارێك ئێستا گاڵتەی بەمانە بێت کە باسی مەسئولیەت ئەکەن چونکە ئەوان زۆر زیاتر لەدەسەڵاتداران خۆیان بە مەسئول زانی ووتیان نابێ لە پێناو گیرفان پڕکردنی خۆتاندا یاری بە زانستو شەهادەکان بکەنو سەرەنجام نەوەیەکی شێواو دروست بکەن.

لە 19.06.2000 دا تەقینەوەیەك لە کارەباکەی شاری سلێمانی ڕویدا ئەوکاتە دکتۆرخەسرەوی بەڕێوەبەری ئاسایش لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەریدا ووتی ئێمە ئاگادار بووین کە چەند کەسێك لە لایەن میرییەوە (کە ئەوکاتە بەبەعسیان ئەوت میری) بەداخەوە نێردراون بۆ ئەنجامدانی تەقینەوە. ئەوکاتە ئەم ووتەیەی خەسرەو کەوتە بەر ڕەخنە لەلایەن چەند کەناڵێکی ڕاگەیاندنەوە، بەتایبەتی تەلەفزیۆنی ئازادی. ئینجا نازانم ئێستا لەسەر هەمان نەغمەی جارانیان کار ئەکەنو ئاگادارن گروپێك لە لایەن ئیسلامیە سیاسیەکانی هاوپەیمانیانەوە بەڕێوەیە بۆ کوردستانو خەمی بۆ ئەخۆنو لە خەڵکی ئەشارنەوە هەتا ڕوو ئەدا یان ئیعترافێکی ڕۆشنو زەق دان پیا ئەنێن کە ئەمنیەتیان پێ ناپارێزرێو ناتوانن بەر بە ئاکامی کارە دژی خەڵکیەکانیان بگرن.

لە کۆتایدا ماوە ئەوە بڵێین کە ئەبێ خەڵك لە کاروکردەوەکانی ئەمانە ئاگادار بن لەلایەك هاوپەیمانی لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا ئەکەنو کوردستان ڕاپێچی سیناریۆی ڕەشی عێراق ئەکەن لەلایەکی تریش پیلانی سەربڕینی ئازادیو ناڕەزایەتیەکانی خەڵك ئەکێشن.

2005-05-27